# کوورەی شۆڕش کێی سوتاند؟

**خوێندنەوەی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی**

**نووسەری بەسەلیقەو خودان ئەزموون کاك (جمعە کانی لەلەیی) پاش بەچاپگەیاندنی ڕۆمانی (مەملەکەتی دڕکاوی) و (ڕەش و سپی) و کتێبی دیکۆمێنتاری (کەرکوك لەبەردەم شالاْوی بە عەرەب کردن دا) کە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسییە و خوێندنەوەیەکی وردو ئەکادیمی لەمەڕ پرسی بەعەرەبکردن لەو شارە کردووە، لەم ماوانەی دوایی دا چوارەم کتێبی خۆی لە دوو تویێ(213) لاپەڕەدا لەژێر ناونیشانی (کوورەی شۆڕش کێی سوتاند؟) بەچاپ گەیاند.**

**نووسەر پێشینەیەکی ئەدەبی جوانی هەیەو لەڕوانگەی بابەتە سیاسیەکاندا چاودێرێکی ڕاستگۆو هەست پاك و دڵ و دەروون بێ خەوشە، بەئەمانەتەوە دەست بۆ بابەتە هەستیارەکان درێژ دەکات، بەواتایەکی دیکە: چاونەترس و بوێرانە وەك کاری نووسەری، پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێ و تەنها پەنا ناباتە بەر ستایش و گەورەکردنی ئەوانەی گەورەنین و من و تۆ گەورەیان دەکەین و ئەوانەی گەورەن هەر بەگەورەییان دەهێڵێتەوە.**

**کتێبی (کوورەی شۆڕش کێی سوتاند؟) قەنتەرەو دەرگایەکی ئاوەڵایە، لەچەند گۆشە نیگایەوە باسی رابردوی پڕ تەمتومان و بارودۆخی لێوان لێو لە هەورازو نشێوو ڕۆژگارە تووش و سەختەکانی ژیانی لادێ و پێشمەرگاییەتمان بۆ دەکات، لە بابەتی (کوردو چەمکی شۆڕش)خوێنەر بەچەمکی شۆڕش ئاشنا دەکات وەکو ئامإژەی پێکردوە : (شۆڕش بریتیە لە سەرهەڵدان و فشارێکی فراوان و ئامانجداری بەشێك لە کۆمەڵگە، مەبەست لێی گۆڕینی بارودۆخێکە بۆ بارودۆخێکی نوێ و باشتر..هەروەها بەشێوە زانستی و هەمەلایەنەکەی تەنها لەکاری چەك و بزووتنەوەی چەکداری و یەك شێوازو ڕێگا کورت نەکراوەتە، بەڵکو ماناکەی فراوانترەو چەندین بواری تر لەخۆ دەگرێ، وەك شۆڕشی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری، شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی ئەلکترۆنی، شۆڕشی ژینگەیی، شۆڕشی زانستی، شۆڕشی تەندروستی و شۆڕشی تەکنەلۆژی و....هتد . لای کورد چەمکی شۆڕش بریتی بووە لە کردەو جوڵانەوەیەکی چەکدارانەی گەلێکی ژێردەستەو ستەملێکراو تا ئەو دەوڵەتانەی داگیرو دابەشیان کردووەو ڕۆڵەکانی دەچەوسێننەوەو زەوی و ئاسمان و داهاتەکانی بۆبەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن، ملکەچ و ناچار بکەن بەگێڕانەوەی هەموو ئەو مافانەی کە بەدرێژایی ژیانی ڕابردو زەوتیان کردوە).**

بەبۆچوونی نووسەر ئەو ناساندن و پێناسەیەی بۆ شۆڕش و سەرهەڵدانی چەکداری کردوە لەباشوری کوردستان و بۆ سەردەمی تازە، تەنها سێ جولانەوە دەچنە خانەی هەلگیرسانی شۆڕشەوە، ئەوانیش بریتین لە شۆڕشی شێخ مەحمود، شۆڕشی ئەیلوول ، شۆڕشی نوێ.

نووسەر بێ لایەنانەو بەچاوی ڕەخنەوە دەستنیشانی کەم و کوڕیەکانی دوێنێ و ئەمڕۆی کردوە و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەو لۆژیکیانەی بۆ ئەو ڕووداوانە کردووە کە وەك بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر حەوجە بەوەیە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ، ئەوەش نەمری ئەو قەڵەمە هەقبێژە دەردەخات کە لە گێڕانەوەی مێژوودا تەنها پەنا ناباتە بەر ستایش و بەشان و باڵ هەڵدانی ئەوانەی تا دوێنێ قارەمان و پاڵەوان بوون، وەلێ لەم ڕۆژگارەدا کوڵەکەی تۆکمەو پتەوی ڕابردووی هیچ کەلێنێ نەماوەتەوە مەردم بتوانێ دەرهەق بەو کارانەی خۆی لەسەر پێگەیاندوە، چرای ڕووناکی ئەو رابردوەی بەزیندووی ڕابگرێ.

دەرخستنی عەیب و عارو ناتەواویەکان تەشهیرو لەکەدارکردن نیە، وەرگرتنی پەندو ئامۆژگارییە، کەمکردنەوە نیە لەشان و شکۆی شۆڕش و سەرکردەکانی، وەلێ پێویستە وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی، لەتەك نەبەردیەکاندا خاڵ بخرێتە سەر پیتی ئەو کارە قێزەونانەی لە پێشوودا ئەنجامدراون و خوێنەر پێی ئاشنا بێت، ئەوەش ڕەچەشکێن و ئەو ڕەوتە دروستەیە کە کاك جمعە بەهەناسەیەکی قووڵ و دڵسۆزانەی بۆ خاك و گەل و نیشتمان، وردەکاریەکان لە بازنەی(شۆڕشی ئەیلوول – شۆڕشی نوێ – شۆڕش لەدوای پرۆسەی ئەنفال – لەشۆڕشەوە بەرەو حوکمڕانی ) نمایش دەکات و لەو چوارچێوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەو بارودۆخە دژوارەی کە گوندنشینان و پێشمەرگە تێیدا گوزەری کردوە.

من وەکو خۆم وای دەبینم ئەو چوار تەوەرەی سەرەوە کە نووسەر قسەی لەسەر کردووە دەکرا وەك نامیلکەیەکی سەربەخۆو بایەخدار بەخوێنەری بناساندایەو بە هەندێ بابەتی دیکەی ئەرشیفی و ڕۆچوون بە پتر شەن و کەوی ئەو باسە، کتێبێکی گەورەترو پڕ چێژ بەئەزموونی سیاسی پێشکەش بەخوێنەر دەکرد.

کاك جمعە لە گەمەکردن بە وشەی تازەو نوێ و فرچکگرتن بە ژیانی کوردەواری و تەژی بوون لە فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی بەتایبەت ڕۆمانەکانی ئەم دوایەی(ڕەش و سپی) گەواهیدەری ئەو واقیعەن کە بەتامەزرۆییەکی زۆرەوە لە وشەدا ڕستە دەچنێتەوەو لە رستەوە تابلۆیەکی جوانی ئەدەبیمان دەخاتە بەردەست کە بەئیشتیاوە دەست بەخوێندنەوەی بکەین و بۆی بڕوانین.

ئەوەتا لە (گوڵێك دەپشكوێ) وەسفێكی هێندە جوانی گوندی قەمبەری سنووری شارۆچكەی تەق تەق دەكات، بەجۆرێ خوێنەر پەلكێش دەكات كە بەخولیایەكی زۆرەوە سەرنجی لەسەر خوێندنەوەی دێڕ بەدێڕی نووسینەكە یەكانگیر بكات كاتێ باسی زەینەب و ئۆمەر دەكات چۆن ژیان لەگوند بەسەر دەبەن!

هەڵبەتە لەم سۆنگەوە خەیاڵ و كەلكەلەمان بۆ رابردوو بەكێش دەكات لەو كارو كردارانەی جاری جاران لەگوندو لادێكان پەیڕەو دەكرا، لەوەشدا لێهاتووی نووسەر بەجۆرێكە  خوێنەر ئاشنا بە وشەگەلێ دەكات كە بۆ نەوەی ئێستا،  تازەو نامۆیە، هەندێ لەم وشانە (كەندوو – سوژن – دلیوان – ئاخوڕ –  چارۆگە – تەوێڵە – حەسیر – كرتی – شەوە – قەنتەرە –  دەستاڕ – مزاش – تەپاڵە – تاوڵ – هەوجاڕ –نیر – بارێنە – زبارە– قەیناغ – هەسان – جەنجەڕ –قەرانگ – گیشە –مەڵۆ – سەپان – باڵتە – جەواڵ – سەرسوغ– مۆرە – گوێسان و...هتد) .

نووسەر لە خستنەڕووی گوندی قەمبەر بەو جوانی و لۆژیكی و ئەكادیمیایەی دەستی داوەتێ، دەكرێ لەداهاتوودا لەناملیكەیەكی سەربەخۆدا ئەو گەنجینەو هەگبە پڕەی هەیەتی ،كتێبێكی مێژوییمان بۆ بكاتە دیاری ، (گوندێك لە تۆپلكە) ناونیشانێكی سەردەمیانەیە  نووسەر بۆ ناساندنی ئەو گوندە ئاماژەی پێداوە تا لەم ڕووەوە (سەرەتای دروست بوونی – ناوەكەی – هەڵكەوتەو شوێنی جوگرافی: پێگەی ئەسترۆمی(فەلەكی) ، پێگەی كارگێڕی، رووبەرەكەی– –گەشەی دانیشتوان– باری كۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری– كەسایەتیەكان و ...هتد) كتێبێكی دانسقەو ناوازەی لەسەر پیادە بكات.

دوابەشی كۆتایشی تەرخانكردووە بۆ ژیاننامەی مێرخاسێك كە بەخوێندنەوەی ئەو رابردوە پاكە، هەموومان ئەو مرۆڤەمان خۆشمان بوێ و موتەئەسیری گیان لەدەستدانی بین.

كاك جمعە دنیایەكە لەجوانی و راستگۆیی، حەز دەكات خەڵك بەختەوەربێ، خۆشی كەس لەسەر حیسابی خۆشی كەس بینیات نانێ، چونكە دروشمێكی هەڵگرتووە پێمان دەڵێ: با بەهەموومان خزمەتكاربین، نموونەیەكی جوان پێشكەش بە كۆمەڵگاكەمان بكەین. وێڕای دەستخۆشیم بۆ ئەو بەرهەمە، هیوای بەردەوامی و بەرهەمی جوانتری لێ دەكەم.